# خوای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاند کە تێیدا خودا ئارەقی (سەرخۆشکەرەکانی) حەرامکرد، ولەو کاتەدا لە مەدینەدا هەموو خواردنەوەیەکی سەرخۆشکەر بۆ خواردنەوە لە خورما دروست دەکرا

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «خوای گەورە ئەو ئایەتەی دابەزاند کە تێیدا خودا ئارەقی (سەرخۆشکەرەکانی) حەرامکرد، ولەو کاتەدا لە مەدینەدا هەموو خواردنەوەیەکی سەرخۆشکەر بۆ خواردنەوە لە خورما دروست دەکرا».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کاتێک خوای گەورە ئایەتی حەرامبوونی ئارەقی (سەرخۆشکەرەکانی) دابەزاند، لەو کاتەدا لە شاری مەدینە هەموو خواردنەوەیەکی سەرخۆشکەر تەنها لە خورما دروستدەکرا ولە میوە وخواردنی تر دروستنەدەکرا، وئەمیش بەڵگەیە بۆ ئەوەی هۆکار بۆ حەرامبوونی ئارەق (سەرخۆشکەر یان ئەلکهول) بەهۆی ئەوەیە دەبێتە هۆی سەرخۆشبوون ولەدەستدانی بیر وهۆش ئینجا ئەگەر ئەو خواردن ومادەیەی کە لێی دروستدەکرێت لە هەر مادە وخواردنێک بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58258